Kurdistan Regional Government-Iraq
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Kurdistan Board for Medical Specialties
Directorate of Registration

حكومەتی هەرێمی كوردستان – عێراق
سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
ئەنجومەنی كوردستان بۆ پسپۆڕیە پزیشكیەكان
بەڕێوەبەرایەتی تۆمار

Setting Clinical and Professional Excellence

No:
Date: / /2016

ژمارە: ٦٨
ڕێكەوت: ٩ / ٢ / 2016 زاینی
/ 2716 كوردی

بۆ/ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی / توێژینەوەو پلان دانان
وەزارەتی تەندروستی /بەڕێوەبەرایەتی كارگێری

بــــ/ وەرگرتنی دۆكیومێنتی ئارەزوومەندان بۆ خوێندن و ڕاهێنان لە ئەنجومەنەكەمان بۆ ساڵی ٢٠١٦-٢٠١٧

ئاگاداری بەڕێزتان دەكەینەوە كە ئەنجومەنەكەمان دەست دەكات بە وەرگرتنی دۆكیومێنتی ئەو بەڕێزانەی كە ئارەزووی خوێندنیان هەیە لە ئەنجومەنەكەمان دەتوانن بەڵگەو دۆكیومێنتە داواكراوەكان پێشكەش بە بەڕێوەبەرایەتی تۆمار بكەن لە بەرواری ٢٠١٦/٢/١٥ تاكو ٢٠١٦/٤/١٥.

ڕێزو سوپاس....

هاوپێچ /
وێنەیەک لە مەرج و بەڵگەنامە داواكراوەكان (٣) لاپەرە

٩ / ٢ / ٢٠١٦
پرۆفیسۆر د. حمە نجم حمە فرج جاف
سەرۆكی ئەنجومەنی كوردستان
بۆ پسپۆڕیە پزیشكیەكان

وێنەیەک بۆ:
- نووسینگەی بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن......لە گەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی تۆمار.
- بەڕێوەبەرایەتی تەكنەلۆژیای زانیاری......بڵاوكردنەوەی لە سایتی ئەنجومەن.
- دەركردە.

## مەرج و بەڵگەنامە داواکراوەکان :-

### مەرجە گشتیەکان:

1. بڕوانامەی دەرچوون دیوار (شهادة الجدارية).
2. بڕوانامەی دەرچوون (بە نمرە) پەسەندکراو بە زمانی (ئینگلیزی).
3. هێنانی نوسراوی لاری نەبوون و پوختەی ڕاژە فەرمی لە وەزارەتی تەندروستی یاخود وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کە ماوەی پزیشکی خولاو (الاقامة الدورية) بۆ دوو ساڵ و کارکردن لە دەرەوەی شار (الخدمة فی القری و الأریاف) بۆ ماوەی یەك ساڵ تەواو کردبێت.
4. بڕوانامەی دەرچوون لە زمانی ئینگلیزی TOEFL یان IELTS, Pearson Academic بەم شێوەی لای خوارەوە:-

| جۆری تاقیکردنەوە | Pearson Academic (PTE) | TOEFL (PBT) | TOEFL (IBT) | IELTS |
|---|---|---|---|---|
| کەمترین نمرە | 36 | 450 | 40 | 4 |

سەبارەت بە تاقیکردنەوەکانی (IELTS, TOEFL) لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و شارەکانی کەی عێراق پێویستە ئەو سەنتەرەی تاقیکردنەوەی لێ ئەنجام دەدرێت لقێک بێت لە لقەکانی بنکەی سەرەکی تاقیکردنەوەی(IELTS, TOEFL) وە بۆ ئەم مەبەستە دەبێت پشت بە وێب سایتی فەرمی ( IELTS, TOEFL) ببەسترێت و تیایدا ئاماژە درابێت کە لقی ئەو سەنتەرە لەو شارە هەبێت کە پێشکەشکار تاقیکردنەوەی لێ ئەنجام داوە.

5. هێنانی بەڵگەی پشکنینی پزیشکی بۆ سەلماندن کەوا پێشکەشکار هیچ نەخۆشیەکی گواستراوە (أمراض الانتقالية) نەبێ هەروەها هەر گرفتیکی تەندروستی کە نەبێتە ڕێگر بۆ تەواوکردنی خوێندن لە ئەنجومەنەکەمان.
6. فۆرمی پێشکەشکردن ( لە سایتی ئەنجومەنەکەمان دانراوە www.kbms.org ) و لە گەڵ کۆپیەك لە ڕەگەزنامە و CV.

**مەرجە تايبەتەكان:**

1. بەڵگەنامەی تەواوكردنی ساڵێك وەكو پزیشكی نیشتەجێ دێرین (مقیم أقدم) بۆ پسپۆریەتیەكانی

(ENT, Anesthesia, Radiation Oncology, medical Oncology, Maxillofacial surgery, Dermatology, laboratory Medicine, Urology, General surgery, Orthopedic, Neurosurgery, Gynecology ).

2. بەڵگەنامەی تەواوكردنی دوو ساڵی خولی تیشك (دوره الاشعة) یاخود دوو ساڵ نیشتەجێ دێرین بۆ پسپۆری( Radiology).
3. بەڵگەنامەی تەواوكردنی دوو ساڵ نیشتەجێ دێرین (مقیم أقدم) بۆ پسپۆریەتی Plastic). Surgery)
4. سەبارەت بە پسپۆریەكانی (Digestive surgery, Nephrology, GIT) پیشكەشكار دەتوانێت بە بڕوانامەی بەكەلۆریوس پێشكەش بكات بە مەرجێك (1) ساڵ نیشتەجێ دێرینی هەبێت لەو بوارە و مەرجی پلەبەندی نایگریتەوە و مەرجی زمانی ئینگلیزی پێویستە.بەڵام ئەگەر بە بڕوانامەی بۆرد یاخود MRCP یان F.R.C.S پێشكەش بكات مەرجی زمانی ئینگلیزی نایگریتەوە.
5. بۆ پسپۆریەتی (Cardiothoracic and Vascular)تەواوكردنی ماوەی ساڵێك لە هەمان بوار یاخود تەواوكردنی دوو ساڵ نیشتەجێ دێرین لە بواری نەشتەرگەری گشتی.
6. بۆ پسپۆڕیەتی (Clinical Hematology) بە دوو شێوەیە:

أ. ئەگەر هاتوو پێشكەشكار هەڵگری بڕوانامەی بۆرد یاخود هاوتای بۆرد هەبێت لە پسپۆریەتی هەناو ئەوا ڕاهێنان بۆ ماوەی (3) ساڵ دەبێت و مەرجی بڕوانامەی زمانی ئینگلیزی نایانگرێتەوە.

ب. ئەگەر هاتوو پێشكەشكار هەڵگری بڕوانامەی بكلوریوس بوو ئەوا دەبێت خزمەتی ساڵێك وەكو پزیشكی نیشتەجێ دێرینی هەبێت لە یەكێك لەم بەشانە(هەناو, نەخۆشیەكانی خوێن , نەخۆشیەكانی گرێ (الاورام) وە مەرجی بڕوانامەی زمانی ئینگلیزی دەیانگرێتەوە و مەرجی پلەبەندی نایانگریتەوە.

7. پێشەكەشكار بۆ پسپۆڕیەتی (Emergency Medicine) و ( Anesthesia) پێویستی بە ماوەی پلەبەندی نی یە.
8. پێشكەشكار دەبێت تەمەنی لە (**45**) ساڵ زیاتر نەبێت.

**خوێندنی بۆرد لە ئە نجومەنەکەمان ئەم پسپۆریەتیانەی خوارەوە دەگرێتەوە:**

| No. | Specialties | | |
|---|---|---|---|
| 1. | General Surgery | 15. | Community Medicine |
| 2. | Gynecology | 16. | Oral Medicine |
| 3. | Internal Medicine | 17. | Facio Maxillary |
| 4. | Laboratory Medicine | 18. | Cardiothoracic and Vascular |
| 5. | Radiation Oncology | 19. | Pediatric |
| 6. | ENT | 20. | Family Medicine |
| 7. | GIT | 21. | Plastic Surgery |
| 8. | Urology | 22. | Restorative dentistry |
| 9. | Radiology | 23. | Medical Oncology |
| 10. | Orthopedic | 24. | Neurology |
| 11. | Neurosurgery | 25. | Clinical Hematology |
| 12. | Psychiatry | 26. | Dermatology |
| 13. | Emergency Medicine | 27. | Anesthesia |
| 14. | Digestive surgery | 28. | Nephrology |

**تێبینی:-** وەرگرتنی داخوازییەکان لە بەرواری 2016/2/15 دەست پێدەکات تاکو بەرواری 2016/4/15.